# ڕەنگاو ڕەنگ



## پیاوێکی ئێرانی(١٢١)ساڵە

(یوسف کەریم ئەلْباغی)، هاووڵاتیەکی ئێرانییە و بە گەورەترین کەس لە وڵاتی ئێران دادەنرێت و تەمەنی(١٢١)ساڵە و ئەم پیاوەش بە دووەم گەورەترین پیاوی ئێرانی دادەنرێت، کە پێشتر یەکێک گەورەترین لە ئەو بەڵام ئێستا لە ژیاندا نەماوە ومردووە!
ئەم پیاوە ڕۆژانە(ڕۆنی زەیتوون) دەخوات و خواردنەوەی ناسرووشتی ناخواتەوە. مامە(یوسف)(٢٩) نەوەی هەیە لە(٤)کوڕ و (٣)کچ. ژنەکەشی مردووە!

## دروستبوونی پەپوولە چۆنە؟

پەپوولە، ئەم گیاندارە رووح سووکەیە، کەگشت خەڵک حەز بەجوانی و دەنگی فڕینی و باڵە رەنگاورەنگەکانی دەکەن.
لە چەند قۆناغێکی جیاوازدا پەپوولە دروست دەبێت کە ئەوانە قۆناغەکانن:
سەرەتا لەناو کیفکێکی داخراو کە وەک(کیسە)یەک وایە، دواتر دەردەچێت و لەسەر کیسەکە خواردن دەخوات و تاوەکو هێزی دەکەوتە بەر. پاشان خۆی فێری فڕین دەکات و دەفڕێت!
ئەم قۆناغانە تەنیا نیو کاتژمێر دەخایەنێت!



## وتارێک بە(٤٤)هەزار فرۆشرا

- لە بازاڕی کەمکردنەوەی ئاشکرا، بۆ کەلوپەلە کۆنەکانی ناودارانی جیهانی. (وتار)ێکی(ئەن یستاین) بە(٤٤)هەزار گونیەی ئەستەرلینی فرۆشرا.
وتارەکەش لەتەمەنی(١٦)ساڵی ئەنیشتاین نووسراوە و کە بۆ مامی نووسیووە!
ئەمە و لە وتارەکە هاتووە کەوا بە مامی دەڵێت: (کارەکەم تەواو کردووە بەڵام چەند کەمووکوڕی ڕێگەم نادات بگەم بە ئەنجام، بۆیە داوای لێبووردنت لێدەکەم)..

## حیجاب وەکو نمایشێکی جیهانی

لە سەرەتای مانگی(٣)ساڵی(٢٠٠٧)، بۆ یەکەم جار(حیجاب) وەکو جلی نمایشکردن لە نمایشگاکانی جیهانی و چەند وڵاتێکی عەرەبی پێشکەش دەکرێت. ئەمەش مانای کەمکردنەوەی(حیجاب)نییە ، بەڵکو زیاتر دەرخستنی جوانی و پیرۆزی حیجابە.
ئەمە و چەندین نمایشکاری جیهانی ڕازی بوون لەسەر نمایشکردنی(حیجاب) لەسەر شێوازی ئایینی ئیسلامی و چۆنییەتی دەرخستنی جوانی حیجاب لەسەر ئافرەتی موسڵمان!







## جلوبەرگ کەسایەتییە

-جل وبەرگی کەسایەتی مرۆڤ دیاری دەکات و ئاوێنەی خوودی ناوەوەی مرۆڤە، ئەمە وتەی ئەستێرەی گۆرانی(ئەلیسا)یە و زیاتریش دەڵێت: جلەکانم خۆم هەڵیاندە بژێرم و ئەوەی بمەوێت دەیپۆشم نەوەک کەسی دیکە پێم بڵێ، حەزم لە بازاڕییە، حەزدەکەم کاوبۆی(جینز) بپۆشم و لەگەڵ جلی سەرەوەی کورت، حەزم لە شاری(پاریس)ە چونکە سەرچاوەی مۆدەیە و هەرچی شتی جوانە لەم وڵاتەیە. چونکە حەزم لە جلوبەرگە دەمەوێت کچانی دوای خۆم شارەزای جلوبەرگی جوان بن!

## (٦)منداڵ بە جارێک دەبن!

لە شاری فانکۆڤەری کەنەدی، ئافرەتێک کەناوی خۆی و بنەماڵەکەی ئاشکرا نەکرد بۆ ڕاگەیاندن، دوای(٢٥)هەفتە لە سگپڕی، (٦)منداڵی دەبێت و(٤ کوڕ و ٢ کچ)!
ئەمە و منداڵەکان بە نەشتەرگەری(قەیسەڕی) لە دایکبوونە و تەنیا ئەوەی یەکەم بە سرووشتی لەدایکبووە. کێشی هەریەک لەم منداڵانە(٨٠٠)گرام دەبێت!



## بووک و زاوا مردنیان بە کارەبا

- لە باکووری شاری جیزە لە وڵاتی میسر، بووک و زاوای تازە دوای ئاهەنگ دەچنە ژووری تایبەت لە باڵەخانەیەکی ماڵی زاوا، کە تەنیا بووک وزاوا لە ماڵ دەبن. زاوا ناوی(ئیبراهیم)ە و تەمەن (٢٧)ساڵ، لەگەڵ(نەجوا)ی بووکی تەمەن(٢٥)ساڵ دەبن.
لە درەنگانێکی شەودا، کارەبای ژوورەکەیان تێکدەچێت، زاوای قارەمانیش بە هەوڵی چاککردنەوەی(کارەبا) لێدەدات و دەیگرێت، بووکیش بۆ یارمەتی ڕزگارکردنی زاوا هەوڵ دەدات، کەچی کارەبا ئەویش دەگرێت وهەردووکیان دەکوژێت!



# ڕەنگاو ڕەنگ






## کووتانی لەش بە(شیکۆلاتە)!

پیشانگایەکی تایبەت بە(کووتانی لەش)، نیشاندرا. لە شاری(شبان)ی چینی کە کووتانەکە، کووتانی لەش نەبوو. بەڵکو بە(شوکۆلاتە) نەخشرابوو. ئەمە و نەخشەکە چەندین شێوەی تایبەتی لێنەخشرابوو لەوانە وێنەی سەرباز و ئەسپ و کەسایەتییە گەورەکانی جیهانی!
کە ماددەی وێنەکان تەنیا شوکۆلاتە بوو!